# حوکمرانی دروست
# دەروازەیەک بۆ چەمک و کارەکتەر و ئامرازەکانی *


پ.ی.د. عابد خالد رسول
کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان
زانکۆی سلێمانی

م.م. پێشرەو علی محمدامین
کۆلێجی یاسا و رامیاری
زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی



**الملخص**

في ظل التغيرات العالمية المستمرة أصبح الحديث عن شكل الحكم ينعكس إيجابياً على المواطنين والتنمية في البلاد من الحاجات الملحة، ويعد الحكم الرشيد هو الحكم الذي يمكن من خلاله ضمان حقوق المواطنين وحرياتهم وتسيير أعمال الحكومة بشكل جيد وبدون اللجوء إلى العنف والفساد، وهذا يعني أنه في ظل الحكم الرشيد تتم الإستفادة من موارد الدولة وتكريسها للتطور والتنمية وتوزيعها بين المواطنين بشكل عادل، فضلاً عن ضمان المشاركة والتأكيد على المسائل التي تؤسس لحكم رشيد مثل الشفافية وحكم القانون والتنظيم والفعالية في الأداء والتخطيط الإستراتيجي.

**Abstract**

There are many indications that the concept of good governance is mentioned in many of the literature on development, especially in the field of institutional, human and administrative and others. Good governance, in its general sense, indicates a number of practices and methods that guarantee the achievement and support of human welfare. Human opportunities and opportunities, and open up multiple perspectives for them to achieve a better standard of living on all levels of life, including the economic, social, political and security aspects.

The mechanisms of good governance mean the existence of the fundamentals of governance such as: accountability, equality, participation, transparency, and the ability to adapt to and respond to different variables, although there are many criteria set by the United Nations Development Program, which reach up to nine mechanisms. That all of them important to improving governance in public or privet sectors.


## پێشەکی

حوکمرانی دروست یەکێکە لە چەمکە هەرە تازەکان بە بەراورد بە هەندێک یا خود زۆرینەی چەمکەکانی زانستە سیاسی و ئابوریەکان ، بۆیە گرنگی دان بە چەمک و زاراوە تازانە بەشێکە لە گرنگیدان بە خودی ئەو زانستانەی زانستی دایکن بۆ ئەم چەمکانە، بۆیە ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا هوڵدەدەین تیشک بخینە سەر گرنگترین رەگەزەکانی

* ئەم توێژینەوەیە وەرگیراو وهەڵنجراوە لە بەشێک لە نامەی دکتۆرا لە بەشی زانستەرامیارییەکانی کۆلێجی یاساو رامیاری زانکۆی سلێمانی.

حـوكمرانی دروسـت لە پێنـاو دەوڵەمەنـدکردنی کتێبخـانەو گۆڤـارە زاسـتیە کوردیەکـان بـۆ خـوێنەران و تـوێژەرانی کوردستان و هەوڵبدەین شـیکردنەوەیەکی زانسـتی بە پێـز بـۆ ئەم چەمـکە بکەیـن کە ئەمەش حـۆی لە خۆیـدا گرنگـی توێژینەوەکەمان دەردەخات.

گرفتی توێژینەوە کەمان پێک دێت لە کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی کە بریتین لە:

-حوکمرانی دروست چیە و جیاوازی چیە لە کەڵ حوکمرانی؟

-گرنگترین کارکتەرەو رەگەزە دیارەکانی حوکمرانی دروست کامانەن؟

گریمـانەی تـوێژینەوە : حـوکمرانی دروسـت و حـوکمرانی بە مانـا گشـتیەکەی لەروی چەمـک و واتـاوە جیـاوازن، هەروەها کارەکتەر و ئامرازەکانی حـوکمرانی دروسـت لەسـەر چـاوەیەک بـۆ سـەرچاوەیەکە تـر دەگۆرێـت هەرچەنـدە هەموویان وێنای یەک ناوەرۆکن.

بۆ میتۆدی توێژینەوەکەمان لەبەر ئەوەی توێژینەوەیەکی پێداچونەو ودارشتنەوەی زانیاریە (literature review) بۆیە زیاتر پشت بە میتۆدی مێژووی و شیکردنەوە یـان ڕاڤە کـردن بەسـتراوە بـۆ شـیکردنەوە و ڕاڤە کردنـی هەمـوو چەمک و زاراوەکان وە بەکارهێنانی رێبازی نەتەوەیەگرتوەکان بۆ دەستنیشانکردنی ئامرازەکانی حوکمرانی دروست.

بۆیە بۆ روماڵی تەواوی بابەتەکان توێژینەوەکەمان کـردووە بە دوو تەوەرەی سـەرەکیەوە، لە تەوەری یەکەمیانـدا واتاو پێناسەی حوکمرانی دروست دەخەینە روو وە لە تەوەرەی دوومیشدا کارەکتەرو ئامرازەکانی حوکمرانی دروست راڤەدەکەین.

**تەوەری یەکەم**

**واتا و پێناسەی حوکمرانی دروست (good governance)**

هەر دەسـتەواژەیەکی زانسـتی، جـا چ ئەوەی دەسـتەواژەو وزاراوەیەکـی زانسـتی ئەزمـوونی(تجریبـی) بێـت یـان زانستی مرۆیی چەندین لێکدانەوە و پێناسەی جۆراو جۆر لە خۆ دەگۆێت، بە تایبەتی چەمک و زاراوە مرۆیەکان زیاتر جێگەی مشت ومری زانایان و لێکۆلەرەوەوانن، ئەویـش بەهـۆی جیـاوازی بیـرو بۆچونەکانیـان لەسـەر ئەو زاراوانە کە هەمـوو ئەوانەش لە جیـاوازی دیـدگای هـزری و بیرکـردنەو و پاشـخانی زانسـتی و کـۆمەڵایەتی و سیاسـیی یەوە سەرچاوە دەگۆێت، بۆیە لەم سۆنگەیەوە و لە پێناو گەیشتن بە تێگەیشتنێکی دروست بۆ چەمکی حوکمرانی دروست ئەم تەوەرەیە دەکەین بە دوو لقەوە، لەیەکەمیان هەوڵدەدین شیکردنەوە بۆ واتای زمانی حوکمرانی دروسـت بکەیـن و لە دوەمییاندا پێناسەی زانستی چەمکەکە دەکەین تا بگەینە پێناسەیەکی تێرو تەسەل بۆ ئەم چەمکە .

**لقی یەکەم**

**شیکردنەوەی واتای حوکمرانی دروست**

لەبەر ئەوەی چەمکـی حـوکمرانی دروسـت، چەمکێکـی نـوێیە لە فەرهەنگـی کوردیـدا و سـەرچاوەی چەمـکەکە دەگەرێتەوە بـۆ بەکارهێنـانی لە زمـانی عەرەبیـدا بە (الحکـم الصـالح) یـاخود (الحکـم الرشـید) و ئەویـش وەرگێرانـی ئەسلەکەیەتی لە زمانی ئینگلیزی دا کە بریتیە لە ( good governance) ، و چەمکێکی زۆر تازەیە گەر بەراورد بکریـت لەگەڵ چەمکی حـوکمرانی (الحکم). (governance) لە کوردیشـدا زاراوەی (حـوکمرانی بـاش) بەکاردەهێنرێـت بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی حوکمرانی دروست بەکاردەهێنین.

بۆ شیکردنەوەی چەمکی حکومرانی دروست هەوڵدەدەین لە چەمکی (good governance) ی ئینگلیزی تێبگەین کە ئەویش لە دوو بەشی سەرەکی پێـک هـاتووە کە ئەوانـیش بـریتین لە وشـەی حـوکمرانی (governance) و وشـەی

دروست (good) ، هەرچی یەکەمیانە بە واتای جیاواز و جۆراو جۆر واتا کراوە، بۆنمونە لە ئینگلیزی بەریتانی بە واتای حکومەت (government) ، کۆنترۆلکۆدن (control) ، دەسەلات (authority) و هەوەها بەواتای کار و رێگەو وسیستمی فەرمانرەوایەتی (action ، manner، or system of governing) دێت. بەڵام لە ئینگلیزی ئەمریکی حکومرانی (governance) بە واتاکانی کار و رێگاو ئەرک و هێزی فەرمانرەوایەتی(the action، manner، function، or power of government ) هاتووە، (Collins online English Dictionary, 2018) وەیاخود بەواتای توانستی حکومەت دێت لە جێبەجێکردنی یاساو رێساکان و پێشکەشکردنی خزمەت گوزاری بە چاو پۆشی لەوەی کە ئەو حکومەتە دیموکراسیە یاخود نادیموکراسیە. (Mann, 1984 ) یان ئەوەی لای(فرانسیس فوکویاما) ناونراوە "ژێرخان" ، لە جیاتی ستەمکاری -نادیموکراسی -، (Francis, 2013) هەروەها دەتوانین بڵێین کە بریتیە لە (پرۆسەی دروستکردنی بریار و بریاریاردان لە جێبەجێکردن یاخود جێبەجێنەکردنی) (UNESCAP, 2018)وە لەگەڵ ئەوەشدا حوکمرانی دروست پێچەوانەی حوکمرامی گەندەڵە (الحکم الفاسد). (**خلیل**، ٢٠١٥)

هەرچی بەشی دووەمەیەتی کە بریتیە لە وشەی دروست (good) لە زمانی ئینگلیزی بە واتای جیاواز هاتوە وە گرنگترینیان بریتین لە (high quality) کوالیتی بەرز ، (pleasant)نەرم ونیان، (sensible/strong)معقول / بەهێز، (favorable)گونجاو ، (skillful)خاوەن ئەزموون، (morally right)مافی ئەخلاقی ، (following rules)بە پێی رێساکان، (healthy)تەندروست، (useful/helpful)بەکەڵک / یارمەتی دەر، (suitable)خۆگونجێنەر، ئەمە لەروی واتاوە بەڵام لە رووە سەرچاوە و رەسەنایەتی وشەکە دەگەرێتەوە بۆ وشەی (gōd) ئینگلیزی کۆن، کە ئەویش لە (goed)ی هۆلەندی وەرگیراوە و بە رەسەن دەگەرێتەوە بۆ(gut) ی ئەلمانیە. (oxford learners dictionaries online, 2018)

سەرەتای دەرکەوتنی ئەم چەمکە، یاخود رونتر بلێن سەرەتای بەکارهێنانی وەک چەمکێکی سەربەخۆو و بەو واتایەی ئێستای، دەگەرێتەوە بۆ سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، لە لایەن بانکی نێودەوڵەتی لە راپۆرتێکی دەربارەی گەشەپێدانی بەردەوامی ئەفریقا لە ساڵی ١٩٨٩، دوای ئەوە ئەم چەمکە بەکاردەهێنریت، ئێستا بۆتە یەکێک لە وبابەتە تازانەی رۆژ کە زۆربەی ولاتانی جیهان بەکاری دەهێن. (Olson, 2009, p. 6) (Larmour, 1998, p. 22)

**لقی دووەم**

**پێناسەی زانستی حوکمرانی دروست**

حوکمرانی دروست وەکوهەموو چەمک و زاراوە زانسی و کۆمەلایەتیە سیاسیەکانی تر پێناسەی جیاوازی بۆکراوە، ئەمەش بەپێی جیاوازی بیرو رای ئەو کەس و دەزگاو قوتابخانانەی کە پێناسەیان بۆکردووە، هەروەها بە هۆی جیاوازی بواری بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەوە ، هەر بۆیە دەبێت چەند پێناسەیەکی جیاواز وەردەگرین و هەوڵدەدەین لەگەڵ باشترینیان وەرگرین یان لە باشترینیان پێناسەیەکی گشتگیر هەڵبێنجین.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد بەکارهێنانی چەمکی حوکمرانی دروست بۆ یەکەم جار و بەم واتایەی ئێستا دەگەرێتەوە بۆ باربەر کونابل (Barber B. Conable) سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی لە پێشەکی راپۆرتێکی بانککەدا لە سەر دەوڵەتانی خواروی بیابانی ئەفریقا، بە ناونیشانی ( Sub-Saharan Africa From Crisis to Sustainable Growth) لە ساڵی ١٩٨٩، کە تێیدا باسی قەیرانی حوکمرانی دەکات لەو ناوچەیەدا ئەویش بەوەی کە هەڵەی سەرەکی زۆرجار لە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانن نەک خودی سیاسەتەکان ، کە ئەمانەش هەمووی دەرخەری ئەو راستیەبوون کە پێویستی بنەرەتی هەیە بۆ چاکسازی و رێکخستنەوەی سیستەمەکان و هەوڵدان بۆ

دەستەبەرکردنی سیستمێکی دیموکرات و دادپەروەر و خزمەتکار کە تێیدا ماف و ئازادیەکان پارێزراو فەراهەم کرابێت. (World Bank, Sub-Saharan Africa from Crisis to Sustainable Growth,, 1989, p. p. xii)

پاش نەوەدەکانی سەدەی پێشوو هەوڵەکان بۆ نزیک بونەوە لە جێبە جێکردنی بنەماکانی حوکمرانی دروست زیادی کرد و لەم پێناوەشدا چەندین کۆڕ و کۆبونەوە لەلایەن وڵاتان و رێکخراوە نێودەولەتیەکانەوە بەسترا بۆنمونە رێکخراوی پەرەپێدان و هاوکاری ئابوری (OECD) لە ساڵانی ١٩٩٣و ١٩٩٦ و ١٩٩٧ چەندین کۆنفراسی جیهانی لەسەر حوکمرانی دروست و ئامرازەکانی بەستووە .( بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەری (http://www.oecd.org/ بکەن) لەپێش ئەو بەروارەو لە ساڵی ١٩٨٩ کۆبونەوەیەک کرا لە لایەن هەمان رێکخراو لە پێناو چۆنیەتی دۆزینەوەی پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان دیموکراسی و سیستمی سیاسی کارامە یان چالاک (accountable political systems)و مافی تاک و سیستمی ئابوری کاریگەر، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٦ لە کۆبونەوەیەکی لوتکەیی رێکخراوەکەدا باس لە پەیوەندی کواڵیتی ولێهاتویی و حوکمرانی دروست و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا کرا لەلایەک و جەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی کە وەبەرهێنانی سەرچاوە گەشەسەندوەکان لە حوکمرانیەکی دیموکراسدا رۆڵی لە بەرەوە پێشبردنی بوارەکانی لێپرسنەوە و شفافیەت و بەشداری کۆمەڵگاو پرۆسەی گەشەسەندن دەبێت. OECD, 1997,) (OECD, The Contribution of Development Co-operation, 1997) p. 2)

پێناسەی حوکمرانی دروست لە لایەن زۆرێک لە رێکخراو و دام ودەزگای نێودەوڵەتیەوە کراوە، کە هەریەکە یان لە سۆنگە و سیاسەتی خۆیانەوە پیناسەیان کردوە، بۆ نمونە گرنگیان بە لایەنی ئابوری و گەشەپێدان داوە و هەندێکی تریان زیاتر گرنگی بەلایەنە سیاسیەکەی یان هەر لایەنێکی تر دەدەن.

بانکی نێودەڵەتی(World Bank) ، (پێشەنگە لە پێناسەکردنی ئەم چەمکە و لە لای بانکی نێودەوڵەتی حکومرانی دروست بریتیە لە: "چۆنیەتی بەکارهێنانی (ممارسە) هێز و دەسەڵات لە بەرێوەبردنی سەرچاوە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی وڵات لە پێناو بەدیهێنان و گەیشتن بە گەشەپێدان " .(World Bank, 1992, p. 3)

حوکمرانی دروست لە ڕوانگەی گەشپێدانی مرۆییەوە بریتیە لەو حوکمرانیەی کە پاڵپشتی (تعزیز) خۆشگوزەرانی مرۆڤەکانی دەکات و هەڵدەستێت بە فراوانکردنی توانـاو بژاردەکانی ، و هەل و ئـازادیە سیاسی و ئـابوری وکۆمەڵایەتیەکان بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا لە پێناو باشکردن و بەرەو پێشبردنی ژیان و ئاستی گوزەرانیان دەڕەخسێنێت. هەر لەم سۆنگەیەوە پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکان :(UNDP) پێناسەی حوکمرانی دروست دەکات بەوەی کە بریتیە لە:

"مومارەسەکردنی دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی و کارگێری بۆ بەرێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت لە هەموو ئاستەکاندا، و هەموو ئەو ئامراز و کردارو دەزگایانە لە خۆدەگرێت کە هاوڵاتیان و کۆمەڵەکان لە رێگەیانەوە بەرژەوەندییەکان دەپارێزن و مافە یاساییەکانیان پیادەدەکەن و لەرێگەیەوە ناکۆکیی و مملانێکانیان چارەسەردەکەن". (UNDP, 2002, p. 105) هەروەها پێی وایە پایەکانی ئەم حوکمرانیە بریتین لە بەشداری کردن، لێپرسینەوە، شفافیەت، سەروەری یاسا، و پاراستنی پێشینەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ، بە پێی سازانی زۆرینە.

هەندێکی تر پێناسەی حوکمرانی دروست دەکەن و دەڵێن ئەم چەمکە پەیوەستە بە پرۆسەی داڕشتن و جێبەجێکردنی بریار، نەک بەتەنها بریاری "ڕاست و دروست " بەڵکو گرتنەبەری ئەوپەری توانا و باشترین رێگە بۆدارشتنی باشترین بریار. (Good GovernanceGuide, 2018 ) واتە بە پێی ئەم پێناسەیە بێت حکومرانی

دروست، بریتیە لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیاری دروست (good decision) بریارێک کە بە رێگەیکی دروست گەڵاڵە کرابێت و توانای جێبەجێکردنی ئەو بریارە بەشێوەیەکی پراکتیکی هەبێت.

سەنتەری پرۆژە نێودەوڵەتیە تایبەتەکان (CIPE) پێناسەی حوکمرانی دروست دەکات بەوەی کە بریتیە لە: هەموو ئەو دام و دەزگاو کلتور و چالاکیانەی کە بەشدارن لە دیاریکردن و دروستکردنی بریاری فەرمی حکومی، بەشێوەیەکی بەردوام کە لە توانایدا هەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بداتەوە کە (Sullivan, 2004, p. : 2)

- چۆن و تاچی رادەیەک هاولاتیان بەشدارن لە دروستکردنی بریاری رۆژانەی حکومەتدا. ( بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لە چی ئاستێکدایە)

- حکومەت تاچەند توانستی هەیە ، لە بەرێوەبردنی کشتی و دەرامەتەکان. ( بە چی شێوازیک کارەکانی دەکات)

- چۆن بتوانین رێگە بگرین لە خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتەکان لە لایەن حکومەتەوە. (رێگرتن لە گەندەڵی و بەهەدەردان)

- چۆن وادەکرێت فەرمانبەرانی حکومەت بەرپرسانە مامەڵە بکەن.( لێپرسینەوە هەبی

وەک ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد پێناسەکانی حوکمرانی دروست زۆر و فرە رەهەندەن بەڵام لە چوارچێوەی ئەو پێناسانەی سەرەوە کە کردمانن دەتوانین پێشنیاری ئەم پێناسەی بکەین بەوەی کە (حوکمرانی دروست بریتیە لەو شێوازە لە حکومرانی کە تێیدا بەشداری هاوڵاتیان و کۆمەڵگەی مەدەنی کارایە و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکی شەفافە، لە پیناو دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن بۆ هاوڵاتیان و چارەسەری کێشەکانیان بە شێوەیەکی کارامە و لێهاتوانە).

**تەوەرەی دووەم**

**کارەکتەرەکانی حکومرانی دروست و ئامرازەکانی**

حوکمرانی دروست ئێستا یەکێکە لەزاراوە گرنگەکانی ناو فەرهەنگی گەشەسەندنی سیستم و کۆمەڵگاکان، حوکمرانی دروست وبنەماکانی بون بەبەشێک لە هۆکارەکانی پێشکەوتن و بە پێشکەوتو هێشتنەوەی سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان، وە حکومرانی دروست خۆی لە خۆیدا ئامانج نیە (End)بە لکو کۆمەلێک هەنگاو و ئامرازن بۆ دامەزراندن و فەراهەمکردنی پاراستنی کۆمیونیەتێکی ئارام و بەرهەم هێن و دادگەر ( sustaining secure, productive and just communities.) (Mercy Group, 2011, p. 5) بۆیە لەم تەوەریەدا باس لەو لایەنانە دەکەین کە بەژدارن لە دروستکردن و پێکهێنانی حکومرانی دروست، هەروەها ئامرازەکانی حکومرانی دروست کە لە رێگەیانەوە ئەم جۆرە لە حوکمرانی بەرجەستە دەبێت ، ئەمانەش لە دوو لقی سەرەکیدا باسدەکەین.

**لقی یەکەم**

**کارەکتەرەکانی حوکمرانی دروست**

هەموو جۆرێک لە حوکمرانی لایەن و کارەکتەری هەیە کە ئەم کارەکتەرانە گرنگی زۆریان هەیە لە سەر ئەدای حوکمرانیەکە و بەردەوامبونی، بۆیە لەم لقەدا هەڵدەستین بە باسکردنی کارەکتەرە سەرەکیەکانی حکومرانی دروست و بۆئەم مەبەستەش دەپرسین کارەکتەرەکانی حکومرانی دروست کامانەن ؟ ئەی کاریگەریەکانیان لەسەر حوکمرانی و بریاردەرکانی چین؟ بەگشتی توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن کە سێ کارەکتەری سەرەکی بۆداڕشتن و جێبەجێکردنی

حوکمرانی دروست هەیە( بڕوانە هێڵکاری ژمارە ١)، لێرەدا بەکورتی باسی هەریەکەیان دەکەین و کاریگەریەکانیان لەسەر حوکمرانی دروست دەخەینەڕو بەم شێوەیە:

**یەکەم: کەرتی گشتی:(public sector )**

کەرتی گشتی و دام و دەزگاکانی، بەتایبەتی دام و دەزگاکانی حکومەت رۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەبینن لە بونیادنان و پێکهێنانی بناغەکانی حوکمرانی دروست ئەویش بەوەی کە کاریگەی زۆری هەیە لە سەر زۆرێک لە لایەنە فەرمیەکانی دەوڵەت و ژیانی هاوڵاتیانی، ئەویش بە دەستەبەرکردنی ژینگەیکی سیاسی و یاسایی لەبار و جێگیرکردن و پاراستنی بوارەکانی ئاسایش و ئابوری، و گەشەپێدانی مرۆیی کە ئەمانەش دەبنە بنەمایەکی باش بۆ هەنگاونان بەرەو حوکمرانی دروست . (ایمن عودة المعانی، ٢٠١٣، صفحة ٢٢١) لەلایەکی ترەوە حکومەت بەرپرسی یەکەمە لە دارشتنی سیاسەتی گشتی بۆ وڵات و دارشتنی بریارو جێبەجێکردنیان هەر لە ئەستۆی حکومەتە یان دروستر بڵێین لە ئەرکی پێشینەی ئەون.

دەتوانین بلێین کە حکومەت یان کەرتی گشتی هەندێک بواری بەدەستەوەیە یان کاریگەری هەیەلەسەریان کە بەدەست سەکتەرەکانی ترەوە نیە بۆنمونە مافی بەهاوڵاتیبون و لێپرسینەوە و خوێندن و تەندروستی و چەندانی تر، و ئەرکە سەرەکیەکانی کەرتی گشتیش دەتوانین بڵین بریتیە لە دارشتنی بریار لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی وخزمەت گوزاریە گشتیە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگادا لەرێگەی دەسەڵاتی گشتی و (حکومەت ودەزگاکانی)، کارمەندەکانیەوە، کە هەوڵدەدەن لە پێناو دەستەبەرکردنی گشت شمەک و حزمەتگوزاریەکان بۆ هاوڵاتیان بە بێ جیاوازی، (Kumar, 2016, p. 10) هەربۆیە نەک ناتوانین ئەم کارەکتەر لە حوکمرانی دروست دابڕین، بەڵکو دادەنرێت بە یەکیک لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی و کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کارەکتەرەکانی تریش لە حوکمرانی دروسدا.

**دووەم: کەرتی تایبەت :(private sector )**

یەکێکی تر لە سەکتەرە سەرەکیەکانی حوکمرانی دروست بریتیە لە کەرتی تایبەت، ئەویش بە هۆی ئەو رۆڵە گرینگەی کە کەرتی تایبەت ئێستا دەیگێرێت لە بوارەکانی ئابوری و بەرێوەبردن و خزمەتگوزاری و زۆریک لەبوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگا و تاکەکانی وە دەتوانین بڵین کە کەرتی تایبەت زۆر جار رۆلی کەرتی گشتیش دەگێریت لە هەندێک کات و جێگەدا، بۆنمونە کۆمپانیایەکی تایبەت هەڵدەستێت بە دابینکردنی خزمەتگوزاریەک یان ئامادەکردنی هێزی مرۆیی تایبەت بۆ بەرێوەبردنی کاریک یان دەزگایەک یان ناوچەیەک کە هەموو ئەمانە رۆڵی گەورەیان دەبێت ئەگەر بخرێنە خزمەت پرۆسەی بنیاد نانی حوکمرانیەکی دروست. (Centre for Interna tional Corporate Governance Research, 2005) ئەگەر کەرتی تایبەت هاوکار و بەشدارنەبێت بۆ دارشتن و جێبەجێکردن و راپەراندنی سیاسەت و کارو حزمەتگوزایەکان لە گەڵ کەرتی گشتی ئەوا لە ئێستای سەردەمی جیهانگیری و زانیاری تەکنۆلۆجیدا، هێنانەدی و بنیادنانی حوکمرانیەکی دروست گەرنەلێن هەرکیز ناکرێت ئەوا ئەستەم دەبێت و دەبێتە ئاستەنگێکی گەورە. هەروەها بونی کەرتی گشتی چالاک یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دروستکردنی ئابوریەکی چالاک و بەهێز، ئەمەش یەکێک لەمەرجەکانی یاخود رێخۆشکەرەکانی دروستکردن و بنیادنانی دیموکراسیە ، لە کاتێکدا حکومرانی دروست و دیموکراسی ئاوێتەیەکی یەکتر تەواوکەرن. هەربۆیە کەرتی تایبەت گەر گرنگی لە کەرتی گشتی زیاترنەبێت کەمتر نیەو کارەکتەرێکی گرنگی دارشتن و جێبەجێکردنی حوکمرانی دروستە.

**سێیەم: کۆمەڵگەی مەدەنی:(civil society )**

کۆمەڵگەی مەدەنیش یەکێکی ترە لە پێکهێنەرەکانی حوکمرانی دروست، کە بریتیە لە کەرتی سێیەمی کۆمەڵگا لە دوای کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، کەلە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەنـدەنیی وناحکومیەکـان پێکـدێت ، (United Nation, 2018) ئەویش هەموو گروپەکانی فشـارو پـارتە سیاسـی و ڕێکخـراوە نـاحکومی و کۆمەڵەکـانی داکـۆکی و سـەندیکا پیشـەیەکان دەگرێتەخـۆ، کە هەوڵ دەدەن لەپێنـاو چەسـپاندنی و بلاوکـردنەوەی کۆمەڵێـک بنەمـا و بەهـای ئەخلاقـی کە ئامـانج لێیـان گەشەسـەندن وبەرەو پـێش بردنـی کۆمەڵگـایە (المركـز الفلسطيني للاتصال والسياسات التنموية، ٢٠١١، صفحة ٦) .

بۆیە هەرکـات کـۆمەڵگەی مەدەنـی چـالاک و کـارا هەبـوو لە هەر کۆمەڵگـایەک بـۆ تێکۆشـان لە پێنـاو پاراسـتن و چەسپاد و چاودێری مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراسـی ئەوە بە واتـای ئەوە دێـت کە کۆمەڵگـایەکی چـالاک و زیندو هەیە، ئەمەش بنەمایەکی گرنگی بەدیموکراسی کردنی کۆمەڵگا و سیسـتمی سیاسـیە لە پێنـاو دروسـتکردن و گەیشـتن بە حـوکمرانیەکی دروسـتی دیمـوکراس. واتە بـونی کـۆمەڵگەی مەدەنـی یەکـێکە لە پێداویسـتیەکانی بـونی حوکمرانی دیموکراس و ئەلقەی پەیوەندی نێوان دەسەلاتداران و کۆمەڵگەیە .(Sullivan, 2004, p. 7)

کۆمەڵگـای مەدەنـی و دەوڵەت پەیوەنـدیەکی بەردەوامیـان هەیە بەیەکەوە بەڵام ئەم پەیوەنـدیە لە دەوڵەتێـک بـۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێت یاحود ڕاستر بڵێین بە پێی جۆری کۆمەڵگاکـان دەگۆڕێـت کە ئەوانـیش حۆیـان دەبینـەوە لەم چەند جۆرەی خوارەوە (Jeffrey Kopstein Simone Chambers, 2006, p. 364) :

- کۆمەڵگای مەدەنی بە شێکە لە دەوڵەتە؛
- کۆمەڵگای مەدەنی دژی دەوڵەتە؛
- کۆمەڵگای مەدەنی هاوکاری پاڵپشتی دەوڵەتە؛
- کۆمەڵگای مەدەنی لە گفتوگۆدایە لەگەڵ دەوڵەتدا؛
- کۆمەڵگای مەدەنی شەریک و هاوبەشە (partnership)لەگەڵ دەوڵەتدا؛
- کۆمەڵگای مەدەنی پاشکۆی دەوڵەتە.


لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدنی لە سێ ئاستدا کاریگەریان لەسەر حکومرانی هەیە کە ئەوانـیش بریتین لە(P.K. DORAISWAMY, 2011) :

ئاستی یەکەم : ئاستی کاریگەریە لەسەر دارشتن و گەڵاڵەکردنی پرۆژەو وسیاسـەتەکان، ئەویـش لە ڕێـگەی نـوێنەر و کۆمیتەکانیەوە.

ئاسـتی دووەم : جێبەجێکردنــی ئەو سیاسـەت و پـرۆژانەی کە دانـراون و پەیوەنـدی رۆژانەی نێـوان و خەڵـک و حکومەت ڕێکدەخەن.

ئاستی سێیەم : بـریتیە لە راگرتنـی هاوسـەنگی ئەمـیش لە ڕێـگەی ئـاوێتەکردن و نزیکـردنەوەی هەردوو لایەن بـۆ پاراستنی ئەو هاوسەنگیە.

هێڵکاری ژماره (١)
کارەکتەرەکانی حوکمرانی دروست و کاریگەریان




سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر

**لقی دووەم**

**ئامرازەکانی حوکمرانی دروست(characteristics of good governance )**

ئـامراز و تایبەتمەنـدیەکانی گەیشـتن بە حـوکمرانی دروسـت زۆرن، کە پێـدەچێت کـاریگەری تەواویـان لەسـەر سیستمی سیاسی بەهەموو پێکهاتەکانیەوە هەبێت ، بەڵام لە روی چەندیتیەوە بە پێی سەرچاوەکانی دیـاریکرنی ئەم ئـامراز وتایبەتمەنـدیانە دەگـۆڕێن، وە هەروەهـا پێشـەنگی ئەم ئـامرازانە لەروی جێبەجێکـردنەوە لە وڵاتـێکەوە بـۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، هەرچەندە لەروی بابەتیەوە هەمویـان هەڵگری یەک نـاواخنن و ئایـدیان دەتـوانین ئەوانـیش لە چەند خالێک کۆ بکەینەوە کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

**یەکەم : بەشداریکردن( Participation)**

بەشداریکردن چیە ؟ یاخود مەبەستمان لەبەشداریکردن لە حوکمرانی دروست چـیە؟ بەشـداریکردن پـێش ئەوەی بنەما یان ئامرازێکی حوکمرانی دروست بێت یەکێکە لە کـۆڵەکەو بنەماکـانی دیموکراسـی وەک هەریەک لە بنەماکـانی تـری، (صـالح، ٢٠٠٥، صـفحة ١٩) (United Nations Development Programme, 2013, pp. 105-119) بەڵام گرنـگ ئەوەیە کە بەشداریکردن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی دواتـری حـوکمرانی دروسـت بێـت نەک تەنها شـێوەدانێکی تایبەت بە ژینگەو سیستمی سیاسی بێت.

بەشداریکردن بە واتای ئەوەدێت کە دەرفەت بدرێت بەهەموو مرۆڤێکی پێگەیشتوو و ئاقل بەبێ جیاوازی دەنـگ و رەنگی هەبێت لە دارشتن و دروستکردنی بریاری گشتی لە وڵاتدا، ئیتر ئەم بەشداریکردنە بەشێوەی راسـتەوخۆبێت یـان ناراسـتەوخۆ لەلایەن ئەو نـوێنەرانەی نـوێنەرایەتی بەرژەوەنـدیەکانیان دەکەن، (UNDP, Governance for Sustainable Human Development, 1997, p. 104) و لە هەر بـوارێکی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و ئـابوری و کارگێریدابێت

بەشـداریکردن لەگەڵ ئەوەی مـافە وەک هەمـوو مافەکـانی تـری مـرۆڤ لەهەمـان کاتـدا ئـامرازێکی بە هێـزی

گەشەسەندنێکی بەردەوامی کۆمەڵگایە، کاتێک کۆمەڵگا هانبدرێت بۆبەشداریکردن و پاڵپشتی ئەو گەشەسەندنە (UNDP, Governance for Sustainable Development, 2104, p. 8) .

دەبێت بەشداریکردن لەلایەن حکومەتەکانەوە بەیاسا بچەسپێنرێت ، وەک مافی کۆبونەوە و بەشداریکردن لە پارتی سیاسی و جولانەوەی سیاسیەکان و دامەزراندنیان، واتا بەشاریکردن بە بێ بونی ئازادی رادەربرین و ئازادی بە شێوەیەکی گشتی و چەسپاندنیان لە دەستوری وڵات هیچ مانایەکی نیە ، ئەرزش و گرنگی لە چەندایەتی و چۆنایەتی پاڵپشتی دەوڵەتە بۆ مافی بەشداریکردن لە نێو مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و پاراستنیان و پێشێل نەکردنیانـدایە. (مصلح، ٢٠١٣، صفحة ٤٦) لە هەمان کاتدا نابێت بەشداریکردن تەنها بۆ دابەشکردنی کارو ئەرکەکان بێت بەتەنها ئەوانیش لە ژێر سەرپەرشتی و دەسەڵاتی کەسانی تر، بەڵکو بەشداری راستەقینە بۆ دابەشکردن و بەشداریکردنە لە خودی دەسەڵاتەکان و گرتنەدەستیانە .(بنمخلوف، ٢٠٠٣، صفحة ٢٩)

بەشداریکردنی گشتی دەکرێت بە چوار جۆری سەرەکی ئەوانیش: کۆمەڵایەتی و ئابوری و کارگێری و سیاسی . (عامر، ٢٠٠٨، الصفحات ١٩-٢٠)

**دووەم: سەروەری یاسا(Rule of law)**

سەروەری یاسا یان یاسا سەروەری یەکێکی ترە لە ئامراز و بنەماکانی حوکمرانی دروست، هەروەکو لە ناساندنی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتوە سەروەری یاسا بریتیە لە بەرپرسیاریەتی و یەکسانی بەرامبەر قانون بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا، دامەزراوە و سێکتەرەکان، کەرتی تایەت و گشتی و تەنانەت خودی دەوڵەتمەداران. هەروەها جێبەجێکردن و سەپاندنی یاسا بە شێوەیەکی دادپەروەر و یەکسان بەسەریاندا لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی داوەری سەربەخۆدا (اللأمم المتحدة، ٢٠١٨).

کەواتە دەتوانین بڵێین سەروەری یاسا واتا:

- یەکسانی بەرامبەر یاسا.
- بەرپرسیاریەتی بەرامبەر یاسا.
- دادپەروەری لە جێبەجێکردنی یاسا.
- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەروەرکردنیان.
- دورکەوتنەوە لە دەمارگیری و لایەنگری لە یاساکاندا.
- بونی شەفافیەت لە کاروبارەکانی یاسا.

وە سەروەری یاسا پەیوەندی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ هەریەکە لە ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگاو مافی مرۆڤ و گەشەسەندن(UNDP, Governance for Sustainable Development, 2104) .

بۆیە سەروەری یاسا بنەماو ئامرازێکی تێکەڵکێشە لەگەڵ بنەماکانی تری حکومرانی دروست بەشێوەیەک کە دەتوانین دایبنێین بە بنەمایەکی سەرەکی و بنەرەتی کە ئەستەمە گەشسەندن و لێپرسینەوە و شەفافیەت و هەموو بنەماکانی تری حوکمرانی دروست بەبێ سەروەری یاسا بتوانن جێگەی خۆیان دیاربکەن لە کێشانی سیستمێکی دیموکرات و دروستدا.

**سێیەم: شەفافیەت(Transparency)**

شـەفافیەت یـان (رونـی یـاخود ڕۆشـنی)، یەکـێکە لە ئـامرازە کرداریەکـانی حکـومرانی دروسـت، و ڕێکخـراوی شـەفافیەتی نێـودەوڵەتی[*] ( Transparency International)  پێناسـەی شـەفافیەت دەکـات بەوەی کە بـریتیە لە" پرانسیپێک کە ڕێگە بەهەموو ئەوانە دەدات کە کاریگەر دەبن لە ژێر بریارێکی کارگێڕی، بازرگانی یان خەیری، ئاشـنابن نەک تەنها بە زانیاری و راستیە سەرەتایەکان بەڵکو بە ئـامراز و کـۆی  پرۆسـەکە هەمـووی، ئەمەش ئەرکـی کارمەنـد و بەرێـوبەرە و کاربەدەسـتەکانە  کە مامەڵەکانیـان بەشـێوەیەکی رون وئاشـکرا ئەنجـام بـدەن  بەشـێوەیەک بێـت کە بـۆ تێگەیشتن ئاسانبێت  "(Richard, 2004, p. 5)

بەپێی نەحشە ڕێگای  ڕێکخراوی سندوقی نەختی نێودەوڵەتی (International Monetary Fund) بۆ شـەفافیەت لە حوکمرانیدا جەختدەکاتەوە سەر چوار خاڵی سەرەکی:  (Richard, 2004, p. 5)

رونی  لە ڕێساو یاسا و بەرپرسیارێتی.

- بەردەستبونی زانیاریەکان بۆ جەماوەر.
- والآیی لە دانان و جێبەجێکردن و ئەژماری بوجە.
- گەرەنتیکردنی دەستپاکی (النزاهه)

شەفافیەت لە گەڵاڵەکردن و بەکارهێنانیشیدا لە سیاسـەتی  گشـتی بـریتیە لە دەسـەڵاتدان یـان تـوانینی جەمـاوەر بۆگەیشتن بەوزانیاری و داتایانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر چاکردنی حزمەتگوزاریە گشـتیەکان و پاراسـتنی مـافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیان  (UN, 2007, p. 5).

بۆ ئەوەی ئێمە بیتوانین بگەینە خاوەن حکومەتێکی کراوە (open government) دەبێت سێ تاقم لەئەکتەرەکـانی شەفافبن کە  ئەوانیش بریتین لە: سیاسیەکان و وەزیرەکان، فەرمانبەرە ناوەنـدی و بیرۆکراتیەکـان، لەگەڵ کـۆمەڵگەی مەدەنی، بەبێ بەشداری هەریەکە لەم  توێژانە ڕێگەی گەیشتن بە شەفافیەت سەخت و دژواردەبێت (منتـدی البـدائیل العربی للدراسات، ٢٠١٢، صفحة ٩).

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش هێشتا ناتوانین بڵێین کە شەفافیەتی تەواو دەتوانین بەدەستبهێنین، چـونکە مـرۆڤ خودی خۆی گەندەڵە کێشـەکە لەوەدایە شـەفافیەت هەنـدێک جـار لە شـەفافیەتدا نـیە هەروەکـو چـۆن کۆمپانیاکـانی ئۆتۆمبێل ریکلام بـۆ سـەلامەتی ئۆتۆمبێلەکانیـان دەکەن بەبەبـراورد بەوانـی تـر ، لەکاتێکـدا ئۆتۆمبێـل  خـودی خـۆی مەترسییدارە جا هەرجۆر و براندێک بێت  (Daniel Lathrop and Laurel Ruma, 2010, p. 270) .

کەواتە دەتـوانین بڵـێین شـەفافیەت بـریتیە لە دەسـتکەوتنی زانیـاری بـۆ ئەوەکەسـانەی کە دەیانەوێـت دەسـتیان بکەوێـت لە پێنـاو باشـکردنی خزمەتگـوزاری گشـتی و مافەکانیـان تـا ئەو شـوێنەی تایبەتمەنـدی تـاک و ڕێکخـرا و دامەزراوەکان پارێزراوە .

**چوارەم: وەڵامدانەوەی خیرا(Responsiveness) :**

وەڵامدانەوەی خێرا بەواتا سادەکەی بریتیە لەوەلامدانەوەی پێداویستی هاوڵاتیان بەشێوەیەکی خێراو لێهاتوانە و بەکاتێکی کەم لە لایەن دام ودەزگا و کارمەندە گشیەکانەوە .(Governance, 2018)


[*] ڕێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵەتیە کاردەکات لە پێناو دژایەتیکردنی گەندەلیی و چەسپاندنی شەفافیەت زیاتر لە ١٠٠ وڵات کاردەکـات و لە سـاڵی ١٩٩٣ وە دامەزراوە بارەگـای سـەرەکی لە بەرلینـی ئەڵمانیـایە، بۆزانیـاری زیـاتر سـەردانی ئەم لیـنکەی لای خـوارەوە بـکە: https://www.transparency.org/whoweare/organisation

یەکێک لە پێناسەکانی حوکمرانی دروست کە پێی دەناسرێتەوە و جیادەکرێتەوە لە حکومرانی سست و گەندەڵ بریتیە لە وەڵامدانەوەی خێرای بۆ خواستی هاوڵاتیان، کە ئەمەش دەتوانین بڵێین بەشی یان ڕووی خزمەتکردن ودابینکاری (supply) حکومەتە. واتا حکومەت دەبێت لەپیشکەشکردنی خزمەتەکانی خێرا بێت و هەرچۆن دەبێت لە داواکاریەکانیشی توانای لێپرسنەوە و لێپێچینەوەی هەبێت(Kumar, 2016, p. 134) .

بۆیە ڕێژەی متمانەکردنی هاوڵاتیان و خەڵکی بەحوکمرانان پەیوەستە بەتوانای وەڵامدانەوەی حکومەت و دەزگاکان بۆ داواکایەکانی هاوڵاتیان، واتا هاوبەشی خەڵک و دەسەڵات و دەوڵەت لە بازنەیەکی یەک بەدوایەکدایە (بروانە هێڵکاری ژمارە دوو) (OECD, Trust in Government – Responsiveness, 2018) .

هێڵکاری ژمارە(٢)

پەیوەندی نێوان متمانەی هاوڵاتی وەڵامدانەوەی خێرا




ئامادەکردنی: توێژەر

زۆر جار ئەم وەڵامدانەوەیە لە سێکتەری تایبەت خێراترە ، ئەمەش وایکردوە کە حکومەتەکان کەرتی تایبەت بەکاربهێنن بۆ وەڵامدانەوەی خێراتری خواستی هاوڵاتیان، لێرەدا گرینگ ئەوەیە لە ژێرچاودێری حکومەت و دەزگاکانی دەوڵەت بێت، هەربۆیە بۆ بەدەستهێنانی باشتری وەڵامدانەوەیەکی خێرا پێویستە:

- زانینی خواست و پێشینە(بەرایی) و داواکاریەکانی خەڵک بە شێوەی دروست و پێشوەختە.
- بەرجەستەکردنی هەموو ئەوانە لە شێوەی پرۆژەو بەرنامە و خزمەتی گشتی.
- دانانی پلانی کورست و مام ناوەند و درێژخایەن بۆیان.
- تەرخانکردنی توانا و دارایی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان بەشێوەیەکی دروست. (الخطیب، ٢٠١٨)

**پێنجەم : ئاراستەی کۆدەنگی(Consensus orientation)**

یەکێکی تر لە بنەماکانی حوکمرانی دروست بریتیە لە دروستکردنی کۆدەنگی و ناوەندگیری بۆ دروستکردنی کۆدەنگی لە نێوان بەرژەوەندیە جیاوازەکان، لە پێناو گەیشتن بە کۆدەنگی گشتگیر لەسەر باشترینی بەرژەوەندی گروپە جیاوازەکان، لە دارشتنی سیاسەتەکان و جێبەجێکردنیان لە واقیعدا .(IFAD, 1999, p. 6)

یەکێک لە ئامانجی سیستمی دەوڵەت و دام و دەزگاکانی لە پاڵ دارشتنی سیاساتی گشتی و سیاسەتی ئابوری و هیکەلی حکومرانی بۆ وڵات بریتیە لە بنیادنان و دروستکردنی کۆدەنگی لە نێوان خاوەن بەرژەوەندیە سەرەکیەکاندا( خەڵک و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت) (UNDP, Governance Principles, Institutional Capacity and Quality , 2011, p. 270) .

کەواتە ئاراستەکردن و دروستکردنی بنەمای کۆدەنگی، یەکێکی ترە لە بنەماکانی حوکمرانی دروست و پێودانگێکی گرنگە بۆ ناسینەوەی حوکمرانی دروست و هەڵسەنگاندنی حوکمرانی و سیستەمی سیاسی لە هەر وڵاتێک .

**شەشەم: یەکسانی( Equality)**

"هەموو مرۆڤەکان بەئازادی لە دایک دەبن و یەکسانن لە شکۆ و مافیاندا" (UN, The Universal Declaration of Human Rights, 2018) یەکەم مادەی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ئەمەی تیادا جێگیر کراوە، وەک ئەوەی بلێین ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان سروشتیە و هەرچی گۆرانکاری بەسەردابێت تێکدانی سروشت و سروشتی بونی مرۆڤە .

یەکسانی بە بنەمایەکی هاوبەشی سەرەکی دادەنرێت لە زۆریک لە یاسا دانراو ئاسمانیەکانیشدا، هەروەها بەواتای یەکسانی هەموو مرۆڤەکان دێت لە ئەرک و مافەکانیاندا، بە بێی جیاوازی کردنیان بە هۆی رەنگ ، زمان ، چین یان هەرجیاکارێکی ترەوە (الخطیب ن.، ٢٠١١، صفحة ١٦١) .

دەبێت یەکسنی و نایەکسانی و توانای کەسی تێکەڵاو نەکرێت، کاتێک باسی یەکسانی دەکەین بەواتای بشتگوێخستنی توانا تایبەتیەکانی ئەوانی تر نایەت، بۆیە دوو جۆر لە یەکسانی یان دووجۆر خوێندنەوە بۆیەکسانی سەرهەڵدەدات یەکەمیان یەکسانیە بنەرەتیەکان( وەک بەهایەکی بنەرەتی) واتە یەکسانی لە ئازادی لە مافە بنەرەتیەکانی مرۆڤ بە هەموو جۆرەکانیەوە، دوومیش یەکسانی وەک بەهایەکی ئەداتی واتا بۆ پاڵپشی لە بەهایەکی دیکە ( بۆنمونە دەوڵەمەندی، زیرەکی، بەهرەکانی تر..) (Myers, 2010, p. 35) .

مەبەستمان لە یەکسانی بریتیە لە یەکسانی نێوان ژن و پیاو، رەنگە جیاوازەکان، ئاین و نەتەوە جیاوازەکان، زامنکردنی هەل و دەرفەتی یەکسان بۆیان، نەک هەموو وەک یەک بەڵکو یەکسان بەپێی بونی بەهرەو توناکانیان، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی حوکمرانی دروست و ئەوسیستمانەی تەبەنیان کردوە.

حوکمرانی دروستیش بۆ پاراستی هەموو ماف و ئازادیەکان و هەستان بەئەرکەکانیش لە هەمانکاتدا، بنەمای یەکسانی وەک یەکێکی تر لە کۆڵەکەکانی داناوە بۆ راگیرکردنی حوکمرانیەکی دروست و دیموکرات، چونکە یەکسانی هەروەک زۆرێک لە بنەماو ئامرازەکانی تری حکومرانی دروست درێژدەبێتەوە بۆ ناو هەناوی بنەماکانی ترو کاریگەریان لەسەردادەنێت وەک بەهایەکی رەسەنی مرۆڤبون.

**حەوتەم: توانستی و لێهاتویی (Effectiveness and efficiency)**

توانیست ولێهاتوی ڕوحی حوکمرانی دروستەو بەواتای ئەوەدێت کە دام ودەزگاو چالاکیەکانیان بەشێوەیەکبن کە وەڵامدەرەوی داخوازیەکانی کۆمەڵگابن، ئەویش بە بەگەرخستنی سەرچاوە بەردەستەکان بە باشترین شێوە. وەهەروەها لە هەمان سیاقی حوکمرانی دروست، بەواتای بەکارهێنانی بەردەوامی سەرچاوە سروشتیەکان و پاراستنی وپاڵپشتی لە ژینگە دێت (UNESCAP, What is Good Governance?, 2018) .


بۆیە لێرەدا بریاربەدەستان دەبێت دیدگایەکی رون و مەودا درێژیان هەبێت بۆ ئەوەی کە چۆن پرۆسەی حوکمرانی(حوکمرانی دروست) بەردەوامی پێدەدەن و دەی پارێزن لە پێناو بەردەوامی گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی،

دەبێت ئەمەش بەشێوەیەکی توانیستی و کارامەیی بێت بۆ گەیشتن بە باشترین دەرەنجام .(Bevir, 2006, p. 360)

گەر هەژاری سیمای ولاتانی دواکەوتویێت ئەوا نەهێشتنی یان نەبونی یەکێکە لە نیشاندەرەکانی ولاتانی پێشکەوتوو، هەربۆیە پەیوەندیەکی راستەوخۆ لە نێوان هەژاری و حکومرانی دروست هەیە، وەحکومرانی دروست یەکێکە لە فاکتەرە هەرە بەهێز و سەرەکیەکان کە نیشانی دەدات دەوڵەت تاچەند دەتوانێت سەرچاوەکانی (مادی و مرۆیی) نێو ولاتەکەی بەشێوەیەکی توانیستی و لێهاتویی بەکاربهێنێت بۆ پێشکەوتن و نەهێشتنی هەژاری (بروانە هێڵکاری ژمارە سێ) (European Commission, 2014, p. 6).

**هێڵکاری ژمارە(٣)**

**پەیوەندی نێوان هەژاریو برسێتی و حکومرانی دروست**




ئامادەکردنی: توێژەر

**هەشتەم: لێپرسین و لێپێچینەوە( Accountability)**

یەکێکی تر لە ئامراز و بنەماسەرەکیەکانی حوکمرانی دروست بریتیە لە لێپرسنەوە، ئەویش بریتیە لەوەی کە گشت بەرپرسیار و کاربەدەستان و بریاردەران لە دەوڵەت و کەرتی تایبەت و دام و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت ملکەچی لێپرسینەوەی رای گشتی و دامەزراوەکانیان بن بەبێ جیاوازی (Dennis A. Rondinelli and others, 2007, p. 8).

حوکمرانی دروست گرنگی زۆر دەدات بە لێپرسینەوە ، چونکە خودی حکومرانی دروست بە شێکی زۆری بریتیە لە چەسپاندنی راستی و راستگۆی و گرنتیکردنی لێپرسینەوەی داڕێژەرانی بریار (decisions makers)(Bevir, 2006, p. 361) ئەمەش بۆ هێنانەدی شەفافیەت و رونی و رۆشنی هەموو ئەو کاروچالاکیانەی لە دام ودەزگا حکومی و تایبەت و مەدەنیەکان ئەنجام دەدرێت، واتە ئامانجی لێپرسینەوە هێنانەدی شەفافیەت و دڵنیابونەوەیە لە بنەماکانی تری حوکمرانی دروست، وەک کارامەیی و یەکسانی و هەموو ئەوانی ترە، هەر بۆیە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوەی بنەمایەکی کۆنی مرۆڤایەتی و سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانە، حوکمرانی بۆ چەسپاندنی دروستی حکومرانی بە سەنگی مەحەکی وەرگرتوە.

لێپرسینەوەش کۆمەڵێک یاسا و رێسا دەگرێتە خۆ کە دەتوانین گرنگترینیان دەستنیشان بکەین بەمانەی لای خوارەوە کە بریتین لە :

- ڕونکردنەوە لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیارو و بیانوی دارشتنی.
- هەڵکردن لەگەڵ هەموو ئەو رەخنەو داخوازیانەی لێتدەکرێت.
- هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی رێژەیی لە رودانی هەڵە و شکستهێنانی بڕیارەکان.

- بـونی ئـامراز و رێچـکەی رون و ئاشـکرا بـۆ هاوڵاتیـان تـا لە رێگەیـانەوە لە بەرپرسـیارەتی دام ودەزگاکـان بکۆڵنەوە.
- بونی ئامرازو رێکاری رون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵەو شکستەکان (السائح، ٢٠١٢، صفحة ٥٥)

**نۆیەم: دیدگای ستراتیجی (Strategic vision)**

دیـدگای سـتراتیجیش یەکێکـی تـرە لە ئـامرازو بنەماکـانی حـوکمرانی دروسـت، ئەویـش بـریتیە لە بـونی پـلان و ئامانجی درێژخایەن بۆ هەموو سێکتەرەکان و بەتایبەتی سێکتەری گشـتی، کەئەم پـلانەش دەکرێـت زۆرجـار لەلایەن دەسـەڵاتی یاسـادانەرەوە دابرێژرێـت، و بـونی دیـدگاو پلانـی سـتراتیجی کـاریگەری تەواوی دەبێـت لەسـەر داهـاتوی پێشکەوتن وگەشەسەندنی کۆمەڵگاو سێکتەرە جیاوازەکان، ئەویش بەبـونی ئەو دیـدگاو دوربینـیە بـۆ بەهـاو پـلان و مەترسیی و هەڵەکان لە داهاتودا .(Good Governance Guide, 2016)

لێرەدا گرینگە کە دیدگای ستراتیجی ئاوێتە بێت بە سیاسیەت و پلانەکانی تری سێکتەرو دامەزاوەکانی تری ناو سیتمی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابوری تا بتوانرێت دەرەنجامی باش و کاریگەریی هەبێت.

هەموو ئەم ئامرازا وبنەمایانەی کە باسمان لێوە کردن کۆڵەکەکانی راگرتنی سیستمێکی دیموکرات و حوکمرانیەکی دروستن بەڵام زۆر بنەماو ئامرازی تریش هەن کەدەکرێـت زۆریـان هەڵنجـراوی ئەوانەی پێشـووبن یـان تەواوکەر یـان رێخۆشەر یان دروستەکربن کە ئوانیش بریتین لە:

- فەرمانڕەواتیەکی دیموکراسی و گەشەکردوو.
- دام ودەزگایەکی گشتی چالاک و بەتوانا.
- جێبەجێکردنی یاساو رێساکان.
- کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاک و بەهێز.
- وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی.
- دەسپێوەگرتنی سیستیمی ئابوری وڵات (Adel M. Abdellatif, 2003, p. 26)

**دەرەنجام**

لە کۆتای ئەم توێژینەو و پێداچونەوەیە بە چەمکی حـوکمرانی دروسـت دەتـوانین پێناسـەی حـوکمرانی دروسـت بکەین کە (بریتیە لەو شێوازە لە حکومرانی کە تێیدا بەشداری هاوڵاتیـان و کـۆمەڵگەی مەدەنـی کـارایە و پرۆسـەی دروسـتکردنی بریـار پرۆسـەیەکی شـەفافە، لە پینـاو دەسـتەبەرکردنی خۆشـگوزەرانی و پێشـکەوتن بـۆ هاوڵاتیـان و چارەسەری کێشەکانیان بە شێوەیەکی کارامە و لێهـاتوانە). هەروەهـا حـوکمرانی دروسـت بەوە لە حـوکمرانی ئاسـایی جیادەکرێتەوە کە لەم جۆرە لە حوکمرانی تەنها کەرتە گشتی کـارەکتەری سـەرەکی پێکهێنـانی نـیە بەڵکـو هەریەکە لە کەرتی تایبەت و کۆمەڵگای مەدەنی رۆڵی گرنگیان هەیە لە فەراهەمکـردن و جێبەجێکردنـی ئەو نـۆ ئـامرازەی بە پێـی رێبـازی (UNDP) نەتەوە یەگرتوەکـان دیـاریکراوە بـۆ بەرجەسـتەبونی حـوکمرانی دروسـت لە هەرر کـۆمەڵە و کۆمەڵگایەکدا.

**سەرچاوەکان**


1. Adel M. Abdellatif. (2003). Good Governance and Its Relationship to Democracy & Economic Developmen. *Global Forum III on Fighting Corruption and Safeguarding Integrity 20-31 May 2003*, (p. 26). Seoul .

2. C Centre for Interna tional Corporate Governance Research. (2005) .*Parallels in Private and Public Sector Governance.* Australia: Centre for International Corporate Governance Research, Victoria University.
3. *Collins online English Dictionary*. (2018). Retrieved from Collins online English Dictionary: https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/governance
4. Daniel Lathrop and Laurel Ruma. (2010) .*Open Government.* USA: O'Reilly Media.
5. Dennis A. Rondinelli and others. (2007). *Public Administration and Democratic Governance: Governments Serving Citizens.* USA: United Nations Publication.
6. European Commission. (2014). *Promoting Good Governance In EC Development and Co-Operation.* Brussels: (Europe Aid Cooperation Office Thematic Network on Good Governance).
7. Francis, F. (2013, 2 25). *what is Governance?* . Retrieved from Center for Global Development Working Paper No. 314: https://ssrn.com/abstract=2226592 or http://dx.doi.org/10.2139/ssrn.2226592
8. *Good Governance Guide*. (2016). Retrieved from Governance Institute of Australia: file:///C:/Users/Excellence/Downloads/ggg_integrated-organisational-planning.pdf
9. Good GovernanceGuide. (2018). *Good Governance Guide*. Retrieved from VLGA: http://www.goodgovernance.org.au/about-good-governance/what-is-good-governance/
10. *Governance* .(2018) .ctgoodgov.com: https://ctgoodgov.com/about-good-governance/the-eight-attributes-of-good-governance/
11. IFAD. (1999) .*Good Governance: An Overview.* Rome.
12. Jeffrey Kopstein Simone Chambers. (2006). *Civil Society and the State.* New York: The Oxford Handbooks of Political Science, Oxford University Press Inc.
13. Kumar, N. (2016). *public sector management.* USA: John Hopkins University.
14. Larmour, P. (1998). *Governance and reform in the South Pacific.* Australia: National Centre for Development Studies.
15. Mann, M. (1984). The Autonomous Power of the State: Its Origins, Mechanisms, and Results. *European Journal of Sociology* , 185-213.
16. Mark Bevir. (2006) .*Encyclopedia of Governance.* London: SAGE Publications.
17. Mercy Group. (2011). *Guide to Good Governance Programming.* UK.
18. Myers, J. C. (2010). *The politics of equality an introduction.* London and new York: Zed Books.
19. OECD. (1997). *Evaluation Of Programs Promoting Participatory Development And Good Governance.* Synthesis Report.
20. OECD. (1997). *The Contribution of Development Co-operation.* Development Cooperation Report.
21. OECD. (2018). *Trust in Government – Responsiveness*. Retrieved from http://www.oecd.org/gov/trust-responsiveness.htm
22. Olson, M. S. (2009). *Leading through Good Governance.* Washington, DC: Center for International Private Enterprise.
23. *oxford learners dictionaries online*. (2018). Retrieved from oxford learners dictionaries online: https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/good_1?q=good
24. P.K. DORAISWAMY. (2011) .*The role of civil society in good governance*: http://www.thehindu.com/todays-paper/tp-features/tp-openpage/the-role-of-civil-society-in-good-governance/article2276002.ece
25. Richard, O. W. (2004). *What is Transparency.* New York: McGraw hill.
26. Sullivan, J. D. (2004). *Democratic Governance: The Key to Political and Economic Reform.* Washington, DC: Center for International Private Enterprise.
27. UN. (2007). *Good Governance Practices For The Protection Of Human Rights.* New York and Geneva: Office Of The United Nations High Commissioner For Human Rights.
28. UN. (2018). *The Universal Declaration of Human Rights*. Retrieved from un: http://www.un.org/ar/universal-declaration-human-rights/
29. UNDP. (1997). *Governance for Sustainable Human Development.* new York: Oxford University Press.
30. UNDP. (2002). *The Arab Human Development Repor.* New York: UNDP.
31. UNDP. (2011). *Governance Principles, Institutional Capacity and Quality* . new York: UNDP.
32. UNDP. (2104). *Governance for Sustainable Development.* New York: UNDP.
33. UNESCAP. (2018). *Good Governance*. Retrieved from UNESCAP: http://www.unescap.org/sites/default/files/good-governance.pdf
34. UNESCAP. (2018). *What is Good Governance?* Retrieved from unescap: http://www.unescap.org/sites/default/files/good-governance.pdf
35. United Nation. (2018). *civil society*. Retrieved from United Nation: http://www.un.org/en/sections/resources-different-audiences/civil-society/
36. United Nations Development Programme. (2013). *Human Development Report 2013, The Rise of the South: Human Progress in a Diverse World.* New York: United Nations Development Programme.
37. World Bank. (1989). *Sub-Saharan Africa from Crisis to Sustainable Growth,.* Washington, D.C: World Bank.

38. World Bank. (1992). *Governance And Development.* Washington dc: World Bank Publication.
٣٩. اللأمـــم المتحـــدة. (٢٠١٨). ســـيادة القـــانون. تـــم الاســـترداد مـــن الموقـــع الرســـمي للأمـــم المتحـــدة: https://www.un.org/ruleoflaw/ar/what-is-the-rule-of-law/
٤٠. المركز الفلسطيني للاتصال والسياسات التنموية. (٢٠١١). دور مؤسسات مجتمع المدنى في تعزيز مفاهيم الحكم الرشيد. فلسطين خليل: المركز الفلسطيني للاتصال والسياسات التنموية.
٤١. ايمن عودة المعانى. (٢٠١٣). الادارة العامة الحديثة. عمان: دار وائل.
٤٢. بوزيد السائح. (٢٠١٢). سبل تعزيز المساءلة والشفافية لمكافحة الفساد وتمكين الحكم الراشد في الدول العربية. مجلة الباحث(١٠)، ٥٥.
٤٣. د. سامية خضر صالح. (٢٠٠٥). المشاركة السياسية والديمقراطية. القاهرة: كتب عربية للنشر الإلكتروني.
٤٤. صبع عامر. (٢٠٠٨). دور المشاركة السياسية في ترقية الحكم الصالح. الجزائر: جامعة الجزائر.
٤٥. عبير مصلح. (٢٠١٣). ، النزاهة والشفافية والمساءلة في مواجهة الفساد (الإصدار ط٣). رام الله: الائتلاف من أجل النزاهة والمساءلة.
٤٦. على بنمخلوف. (٢٠٠٣). القانون والمشاركة السياسية. باريس: نشر الفنك.
٤٧. محمـــود أحمـــد الخطيـــب. (٢٠١٨). معـــايير الحكـــم الرشـــيد. تـــم الاســـترداد مـــن أهـــرام المســـائي الرقمـــي: eid=7748&http://digital.ahram.org.eg/articles.aspx?Serial=848877
٤٨. مصطفى خليل. (٢٠١٥). بەرێوەبردن لە رێکخراوە ناحکومیەکان. هەولێر.
٤٩. منتدى البدائيل العربى للدراسات. (٢٠١٢). الشفافية المعايير الدولية والحالة المصرية. القاهرة.
٥٠. نعمان احمد الخطيب. (٢٠١١). الوجيز في النظم السياسية (الإصدار ط٢). عمان: دار الثقافة للنشر والتوزيع.